# بنەمای خۆنزمگرتن لە ڕێزگرتنی زمانیدا


**پ. ی. د. هیوا عەساف**

**(زانکۆی سەڵاحەدین- کۆلیژی پەروەردە/ شەقڵاوە)**


**سەرەتا:**

بنەمای خۆنزمگرتن (Modesty Maxim) یەکێکە لەو شەش بنەمایەی (جیفری لیچ – GEOFFREY LEECH) لە چوارچێوەی بنەماکانی ڕووبەندی (ماء الوجە – face) بۆ ڕێزگرتنی بەرانبەر خستییە چوارچێوەی پراگماتیکسەوە.

ڕێزگرتنی بەرانبەر لە ئاخاوتندا بە (ڕێزگرتنی زمانی) ناودەبرێت. ئەم جۆرەی ڕێزگرتن بەهۆی زمانەوەیە و لە ئاخاوتندایە، جیاواز لە ڕێزگرتنی ڕەفتاری، کە بەهۆی نواندنی ڕەفتاری ڕێزدارانەوەیە. بەگشتی ڕێزگرتن یەکێکە لە یاسا کۆمەڵایەتییە پەسەندەکان و هۆکاری پاراستنی پایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و ئابڕوویەتی.

وێنەی تاک لە کۆمەڵگەدا بەشێکی زۆری دەوەستێتە سەر ڕەفتاری زمانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان، چۆنیەتی ئەو وێنەیە دیاری دەکەن. هەر کۆمەڵگەیەک کۆمەڵێک یاسای کۆمەڵایەتی هەیە، کە پێویستە تاک پابەندیان بێت. ئاساییە، ئەوەی پابەندبێت، کۆمەڵگە پەسەندی دەکات، بەپێچەوانەشەوە، ئەوەی پەیڕەوی یاساکان نەکات، پایەی دەکەوێتە مەترسییەوە و کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لەو پێناوەشدا تاک بەردەوام هەوڵی ڕازیکردنی کۆمەڵگە دەدات، بۆیە فەیلەسووفی پراگماتیست (جۆن دیوی) دەڵێت (ڕەفتاری باش ئەوەیە، کە گلەیی کۆمەڵگەی لەسەرنەبێت) (دیوي، ١٩٦٣،ص٢٩)، بەمەش تاک خۆی لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵ بەدووردەگرێت، واتە بەو کارەی، خۆی و بەرژەوەندییەکانی لە کۆمەڵگەدا دەپارێزێت. لەم پێناوەدا تاک لە ئاخاوتندا هەوڵی خۆبردنەپێش و ڕازیکردنی کۆمەڵگە دەدات و هەمیشە هەوڵی پیشاندانی وێنەیەکی ئەرێنی خۆی دەدات، ئەویش لە ڕێی پەیڕەوکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی زمانەوە دەبێت.

ڕێزگرتن شێوەیەکی هەست دەربڕینە و یەکێکە لە بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی زمان، کە بە

شێوەیەکی بەربڵاو لە ئاخاوتندا بەکاردێت. زۆربەی بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکان دەچنە خانەی ڕێزگرتنەوە و لە پاڵ زۆربەی کردەکانی تردا (speech acts) ڕێز دەنوێنرێت. بەگشتی لە ئاخاوتندا پەیڕەوکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێزگرتن ئەژماردەکرێت و پەیڕەونەکردنی بە بێڕێزی. ڕێزگرتنیش لە پێناوی هێشتنەوە و بەهێزکردنی پێوەندییەکانی نێرەرە لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا.

لە نواندنی ڕێز لە فۆرمی کردەی جیاوازدا مەرجی هاتنەدی ئەوەیە دەربڕینەکە هەست و بیرکردنەوەیەکی ئەرێنی سەبارەت بە نێرەر لای وەرگر دروست بکات. ڕێزگرتن بە ڕێگە و میکانیزمی جیاواز لە زماندا بەجێ دەگەیەنرێت، وەک ئەمانەی خوارەوە:

ا - نواندنی ڕاستەوخۆی ڕێز: دەربڕینی هەستی ڕێزدارییە بە ڕێگەی هەندێک ڕستە و دەستەواژەی جێگیری زمان، کە بۆ ڕێزگرتن بەکاردێن، وەک (ڕێزت هەیە، بەڕێزی، ڕێزت دەگرم، ڕێزداری، بەڕێز...تاد)، یان دەکرێت ناسناوی پیشە و تەمەن و پایەی کۆمەڵایەتی و زاراوەکانی خزمایەتی لەگەڵ ناوی ڕێزلێگیراودا بەکاربێت، وەک (مامۆستا، دوکتۆر، کاک، مام، ئاغا، ئەفەندی، گەورەم، سەروەرم...تاد)، یان بە هۆی بەکارهێنانی هونەری خواستنەوە، کە هەستی ئەرێنی نێرەر بەرانبەر وەرگر پیشان بدەن، وەک (گوڵەکەم، گیانەکەم...تاد).

ب - نواندنی ناڕاستەوخۆی ڕێز: واتە پیشاندانی ڕێز، بێ دەربڕینی دەستەواژەی تایبەت بە ڕێزگرتن. مەبەست ئەو شێوازەی دەربڕینی ڕێزە، کە بەشێوەیەکی پراگماتیکی لە بۆتەی کردە جیاوازەکاندا بەرجەستە دەبێت، واتە لە پاڵ مەبەست و کردە جیاوازەکاندا، ڕێزیش دەنوێنرێت. مەبەست لە دەربڕینی ڕێزە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەو قسانەدا، کە کردەیەک جێبەجێ دەکرێت و مەبەست شتێکی ترە، واتە شتێک دەگوترێت و مەبەست (هێزی کردەی قسەیی- illocutionary force) شتێکی ترە، ئەمەش بە چەند شێوەیەک دەبێت، بۆ نموونە:

- بە هۆی داواکردنی ناڕاستەوخۆوە: لە پشت کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکانەوە هۆکاری ڕێزگرتن هەیە. هەندێک لە زمانەوانان هەوڵی دیاریکردنی واتا و پراگماتیکی ئەو کردانەیان داوە، تێبینی ئەوەیان کردووە، ئەو کردانە بە توخمێکی بنەڕەتی ڕێزگرتن دادەنرێن (Brown & Levinson, 1987, p268)، بۆ نموونە داواکردنی ئەنجامدانی کارێک لەلایەن وەرگرەوە، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، یەکێکە لە میکانیزمەکانی زمان بۆ ڕێزگرتن، واتە فۆرمی کردەکە شتێکە و مەبەست شتێکی ترە، وەک:

- دەتوانیت کتێبەکەم بۆ بهێنیت؟
- پێشنیازدەکەم ئەم کتێبە بخوێنیتەوە.
- داواکردن بەو جۆرە کردانەی پایەی نێرەر لە پایەی وەرگر نزمتر دەکرێتەوە، وەک کردەکانی (تکاکردن، پاڕانەوە، ڕوولێنان...تاد)، وەک:
- تکات لێ دەکەم پارەکەم بۆ بگەڕێنەوە. (تکاکردن)
- توخوا پارەکەم بۆ بگەڕێنەوە. (پاڕانەوە)

لێرەدا نێرەر بۆ پاراستنی ئابڕووی وەرگر، یان بە هۆی نزمی پایەی خۆیەوە و بۆ ڕازیکردنی کەسی بەرانبەر، پەنا بۆ ئەم ڕێگایانە دەبات، بەمەش نێرەر بە هۆیەوە زیاتر خۆی دەباتە پێشەوە.

- خۆ دوورخستنەوە لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی بریندارکەر، یان دوان بە پێچەوانەی

وەرگـر و قسـەکردن بـە زمانـی هێـز و بـە نـرم سـەیرکردنی وەرگـر (دزەیـی، ٢٠١٥، ل١٢٨ – ١٢٩)، چونکە ئەمانە بنەمای ڕێزیان تێدا نییـە، وەک لـە کـردە جیاوازەکانـی هەسـت دەربڕیـن، ڕەتکردنـەوە، داواکردن...تـاد، بـۆ نموونـە لـە کـردەی ڕەتکردنـەوەدا لەبـری ئـەوەی بڵێیـت (قسـەکەت درۆیـە)، بڵێیـت (مـن وام نەبیسـتووە، زانیارییەکانی لای مـن جیاوازن، ڕەنگە تـۆ هەڵـە تێگەیشـتبیت...)، ئـەم شێوازانەی دوایی شـێوازی ڕێزداریـن.

– بـە هـۆی هەندێـک سـتراتیج و شـێوازی تایبەتـی قسـەکردن، کـە بنەمـای ڕێـزی تێدایـە، وەک بابەتـی ڕووبەنـدی، یوفیمیـزم، کـە لێـرەدا دەرفـەت نییـە لـە هەموویـان بدوێیـن.

**ڕووبەندی:**

لـە نـاو کارلێکـە کۆمەڵایەتییەکانـدا جۆرێکـی تایبـەت و دیاریکـراوی ڕێزگرتـن هەیـە، کـە بـۆ وەسـفکردنی پێویسـتمان بـە ڕوونکردنـەوەی چەمکی (ڕووبەنـدی) هەیـە. ڕووبەنـدی ئـەو وێنـە ئاشـکرایەی تاکـە، ئاماژەیـە بـۆ واتـای سـۆزداری و کۆمەڵایەتـی، کـە هەمـوو تاکێـک هەیەتـی و گریمانـە دەکات هەمـوان بیزانـن ( Yule, 1996, p60). زاراوەی ڕووبەنـدی (ڕوو) لەلایـەن (ئیرڤینـگ گوفمان)ـەوە بەکارهاتـووە، بریتییـە لـەو وێنـە خودییـە، یـان ئـەو بەهـا کۆمەڵایەتییـە ئەرێنییـە، کـە نێـرەر، یـان وەرگـر ئـارەزوودەکات لـە پێوەندییەکانیـدا بەدەسـتی بهێنێـت، ئەمـەش لـە ڕێگـەی ئـەو هەڵسـوکەوت و سـنوورانەی لـە پێوەندییـە تایبەتییەکانیـدا بەکاریـان دەهێنێـت (حەمـەڕەش، ٢٠١٣، ل١٥٧).

بـە شـێوەیەکی گشـتی خەڵـک لـە کارلێکـی کۆمەڵایەتـی ڕۆژانـەدا گریمانـەی ئـەوە دەکات، وەک ئـەو دیدگەیـەی خۆیـان بـۆ کەسـایەتیی خۆیـان هەیانـە و بـە پێـی ویسـتی ڕوویـان، ڕێزیـان لـێ بگیرێـت. کاتێـک نێـرەر شـتێکی گـوت بـووە مایـەی هەڕەشـە بـۆ سـەر وێنـە و کەسـیەتی کەسـێکی تـر، ئـەوە دەبێتـە (کـردەی هەڕەشـەی سـەر ڕوو–Face threatening act). بەپێچەوانـەوە، ئەگـەر گوتنەکـە بـە هەڕەشـەی سـەر ڕوو دابنرێـت، نێرەر توانی بـۆ سـووککردنی کاریگەریـی ئـەو هەڕەشـەیە شـتێک بڵێـت، بـەم کـردارە دەگوترێـت (کـردەی پاراسـتنی ئابـڕوو Face saving act)(Yule, 1996, p61-.

ڕوو شـتێکی بەدەستهاتووی سـۆزدارییە، دەکرێت لەدەسـت بدرێـت، یـان پارێـزگاری لـێ بکرێـت، یان باشـتر بکرێـت. گریمانـەی ئـەوە دەکرێـت، خەڵـک بـۆ پاراسـتنی ئابڕوویـان هـاوکاری یەکتربکـەن. پاراسـتنی ئابـڕووی هـەر کەسـێک دەوەسـتێتە سـەر پاراسـتنی ئابـڕووی ئەوانـی تـر، لەسـەر بنەمـای ئـەوەی چاوەڕوانـی ئـەوە دەکرێـت، هـەر کەسـێک هێـرش بکرێتـە سـەر ئابـڕووی، ئەویـش کاردانـەوەی هەبێـت و هێـرش بکاتـە سـەر ئابڕووی ئەوانـی تـر، واتـە بەرژەوەندییەکـی هاوبـەش هەیـە لـە نێـوان خەڵکـدا، بـۆ پاراسـتنی ئابـڕووی یەکتـر (Brown & Levinson, 1987, p61)، بۆیـە (هەمـوو بەشـداربوویەکی عەقڵانـی هەوڵـی ئـەوە دەدات لـەو کردانـەی دەبنـە هەڕەشـە لەسـەر ئابـڕوو دووربکەوێـتەوە، یـان کۆمەڵێـک سـتراتیجی دیاریکـراو بەکاردێنێـت بـۆ کەمکردنـەوەی ئـەو هەڕەشـەیە) (هەمـان سـەرچاوە، ل٦٨).

ئـەم دوو کەسـە، واتـە (براون و لیڤنسـون) بـە دامەزرێنـەری تیـۆری ڕووبەنـدی دادەنرێـن، پێیـان وایە مرۆڤـی نێـرەر هەوڵـی ئـەوە دەدات وشـەکانی قـورس نەبـن، کـە ببنـە مایـەی شـەرمەزاری، بەتایبەتـی لـە ڕسـتەی داخوازیـدا، ئەمـەش بـۆ پاراسـتنی ئـاوی ڕووی. ئـەم بنەمایـە ئامانجـی

تێگەیشـتن و بەرهەمهێنانـی زمانـە لـە سـەر بنچینـەی ڕێزلێنـان و ئادابـی قسـەکردن.

لێکۆڵینـەوەکان لەبـارەی ڕێزگرتنـەوە بـە تیـۆری کـردە قسـەییەکان لای ئۆسـتن و سـێرل و سـتراتیجییەکانی ڕێزگرتـن لای بـراون و لیڤنسن بەسـتراونەتەوە. بەگشـتی بیرۆکەکـە بـە (ئـەرک) و (قازانج)ـەوە بەسـتراوەتەوە. لێکۆڵینـەوەی زۆریـش لـە ڕوانگـەی ڕێـزەوە لەبـارەی کـردە قسـەییە جیاوازەکانـەوە کـراوە، لەنـاو ئەوانـەدا پۆزشـهێنانەوە و داواکـردن و پێشـنیازکردن (WISE, 2011, p15). (لیـچ) بـە یەکـەم زمانـەوان دادەنرێـت، کـە بنەمـای ڕووبەنـدی خسـتە چوارچێـوەی پراگماتیکسـەوە و شـەش بنەمـای کـرداری دیـاری کـردووە، کـە بنەمـای ڕێزگرتنی تێدایە و پێوەندی نێوان واتـا و هێزی ئاخاوتـن ئاسـان دەکات، کە بنەمـای خۆنزمگرتـن یەکێکـە لەوانـە.

**بنەمای خۆنزمگرتن:**

ئـەم بنەمایـە پشـت بـە کەمکردنـەوەی ستایش و زیادکردنـی سەرزەنشـتی خـود دەبەسـتێت (Leech, 1983, p136). لـەم بنەمایـەدا نێـرەر ستایشـی خـۆی نـاکات، بەڵکـوو خـۆی بچـووک دەکاتـەوە، هەڵسـەنگاندنی خـراپ بـۆ کار و شـتی خـۆی دەکات. ئـەم بنەمایـە لـە پێشکەشـکردن و هەست دەربڕیـن و پۆزش هێنانـەوە زۆر بەکاردێت.

ڕاسـتییەکەی جگـە لـە نزمگرتنـی خـود، زۆر جـار قسـەکەر بـۆ پاراسـتنی ئابـڕووی بەرانبـەر و بـۆ خۆبردنەپێـش و ستایشـکردنی بەرانبـەر پەنـا بـۆ نزمگرتنـی کۆمەڵێـک کـەس و شـتی تریـش دەبـات، کـە زۆربەیـان پێوەندییـان بـە قسـەکەرەوە هەیـە و لـە ئەنجامـدا دەبـن بـە خۆنزمگرتـن. ئەمـەش دەکرێـت چەنـد ئامانجێکـی هەبێـت:

ا- هەندێـک جـار ئـەو دەربڕینانـە هەسـتی ڕاسـتەقینەی قسـەکەرن و بـۆ ڕێزگرتـن و وەک بنەمایەکـی خاکیبوون (تواضـع) بەکاردەهێنرێـن.

ب- هەندێـک جـار ئـەو دەربڕینانـە بـۆ خۆبردنەپێـش (پانکردنەوە)یـە لـە گوێگـر، ئەمـەش لـە پێنـاوی بەرژەوەندییەکـی دیاریکراودا.

پ- ئـەم بنەمایـە هەندێـک جـار بـۆ هەسـت دەربڕیـن بـە شـێوەیەکی ئەرێنـی بەکاردەهێنرێـت، بەتایبەتـی لـە دەقـی شـیعریدا، وەک (خاکـی بـەر پێتـم، تـۆزی ڕێگەتـم...).

ا- هەندێک جار ئـەو دەبڕیـن و خۆشەویسـتییە لـە موناجـات و دەقـی ئاینیدایـە و بـۆ خـودا و پێغەمبـەرە، وەک (سـەگی بـەر دەرگەتـم، یـان ڕەسـولەڵڵا...).

ئەگـەر ئامانجـی قسـەکەر هەرچییـەک بێـت، لـە کۆتاییـدا ئـەو جـۆرە دەربڕینانـە بـە بەشـێک لـە بنەماکانـی ڕێزگرتـن دادەنرێـن. بەگشـتی ئـەو شـتانەی لـەو پێنـاوە لـە کۆمەڵگـەی کوردیدا نـزم دەگیرێـن، ئەمانـەی خـوارەوەن:

١- نزمگرتنی خود: لێرەدا قسەکەر لە ئاخاوتندا لـە پایـەی خـۆی کـەم دەکاتـەوە و پایـەی گوێگـر بەرز پیشـان دەدات و ستایشـی دەکات، وەک (من هاوشـانی تـۆ نیـم، مـن لـە ئاسـتی تـۆدا نیـم، تـۆ گـەورەی منـی، مـن بچووکـی تـۆم، خوڵامـکاری تـۆم، گەورەمـان کـە ... تـاد).

٢- نزمگرتنـی منـداڵ: لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا زۆر جـار دایـک و بـاوک، یـان هەندێـک جـار بـرای گـەورە وەک خاوەنـی منـداڵ و کەسـێک، کـە مافـی هەمـوو جـۆرە مامەڵەکردنێکـی بـە منداڵـی خۆیەوە هەبێـت، دەردەکەوێـت، بۆیـە هەندێـک جـار لـە ئاخاوتنـدا، بەتایبەتـی ئەگـەر منداڵەکانـی ببـن بـە بابەتـی قسـەکردن، دایـک و بـاوک لـە کاتـی ئاخاوتـن لەگـەڵ میـوان و خزمـان بـۆ ڕێزگرتنیـان

لە پایەی منداڵ کەم دەکەنەوە و لە ئاستیاندا نزم پیشانی دەدەن، بۆ نموونە ئەم دەربڕینانە لەو جۆرە گفتوگۆیەدا بەکاردەهێنرێن:

- دوو خوڵامکاری تۆم هەیە، دوو خزمەتکاری تۆم هەیە = دوو منداڵم هەیە.
- دەیانکەم بە قوربانی پێڵاوەکانت.
- دەستت ماچ دەکا.
- ببنە پێڵاوجوتکەرت.

ئێستا بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەربڕینانە کەم بوونەتەوە، بەتایبەتی هەندێک لەو دەربڕینانە بەدەگمەن بەکاردێن، ئەمەش گۆڕانی جیهانبینی کۆمەڵگە سەبارەت بە منداڵ و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان دەگەیەنێت.

١- نزمگرتنی شت: ئەم بنەمایە لە کاتی میوانداریکردن و پێشکەشکردندا زۆر بەکاردێت، تێیدا قسەکەر بۆ ڕێزگرتنی بەرانبەر لە بەهای ئەو (خواردن و کەرەستە و دیاری)یانە کەم دەکاتەوە، کە پێشکەش دەکرێن، وەک:

- قابیلی تۆی نییە.
- ئەم دیارییە بچووکەمان لێ وەربگرە.
- هەموو شتێک بەقوربانی تۆ بێت... تاد.

٢- نزمگرتنی خەڵک: هەندێک قسەکەر لە پێناو بەرزڕاگرتنی پایەی گوێگر لە پایە و بەهای خەڵکی تر کەم دەکاتەوە، ئەمەش لە پێناوی ڕێزگرتنی بەرانبەر، یان خۆبردنەپێش لە گوێگر، وەک:

- تۆ لە کوێ و خەڵک کوێ!
- ناگات بە تۆزی بەر پێت.
- ناگات بە گۆزینگی تۆ...تاد.

## سەرچاوەکان:


- حەمەڕەش، ئارام عەبدولواحید (٢٠١٣)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٥)، زمان و کەسایەتی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠٠٩)، واتاسازی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیک و پراگماتیکە)، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، هەولێر.
- ديوي، جون (١٩٦٣)، الطبيعة البشرية والسلوك الانساني، ت: محمد لبيب النجيحي (د)، مؤسسة الخانجي، القاهرة.

-BROWN , PENELOPE & LEVINSON, STEPHEN(1987). Politeness Some universals in language usage, Cambridge University Press.

-LEECH, GEOFFREY N.(1983). Principles of Pragmatics, Published in the United States of America, Longman Group Limited.

- WISE, LAURA ELIZABETH (2011). SPEECH ACTS AND POLITENESS IN SPANISH AND ENGLISH MAGAZINE ADVERTISING, A Thesis Submitted to the Graduate Faculty of The University of Georgia in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree MASTER OF ARTS ATHENS, GEORGIA(online).

- YULE, GEORGE(1996). Pragmatics, First published, Oxford University Press.